


فەیسەڵ دێهاتی

# ونبوون




من لەم دنیایەدا کەس بەدی ناکەم
تەنیا خۆم دەبینم..!
من لەم دنیایەدا دەنگی کەسم گوێ لێ نابێت
تەنیا دەنگی خۆم دەبیستم..!
من لەم دنیایەدا لە زمانی کەس تێ ناگەم
تەنیا زمانی خۆم نەبێت..!
من لەم دنیایەدا بۆنی کەسێک ناکەم
تەنیا بۆنی رۆزا و راستی نەبێت..!

***

من تەمەنم لە چڵساڵی تێ پەڕیوە
رۆژانە کوژراوم و دەکوژرێم
چونکە مرۆڤم.. مرۆڤ.. ئای مرۆڤ..!
من رقم لە دروشمە بریقەدارە خەساوەکان و
لەرانەوەی ئاڵا بێ ماناکانی
درۆ و درۆزن و بەرژەوەندچییەکانە

رۆژانە داوی هزر و لێکدانەوەم دەپچڕێنن
سیمای حەرباوییان بە ڕوومدا دەناسێنن
***
ژیان و بوون لە فەرهەنگی شارستانییەت
شووشەیەک بۆنی بەر باخەڵی ئافرەتی سۆزانییە
بۆ منیش کوشتنی رۆژانە و تووانەوەی بەردەوام
***
هات... هات
سەرلەنوێ زریکەی لەدایکبوونێکی دیکە هات
هەمان لەدایکبوونی دوێنێ و پێرێ و
سەد ساڵ لەمەوبەرە
مژدەی بەردەوامی نەگریسی ژیانە
مرۆڤ هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە
مەزەندەیەک... ئەگەرێک
رەنگە ئەم زریکەیە
سەراپای ئەم سەدەیە رەت کاتەوە
سەدەی زۆڵی و داڕمان و حەیاچوون
سەدەی کڕنۆش و کوژانەوە و نووشتانەوە و
رووچووووون



***
من لە دەفتەری یاداشتەکانم هێندەم تۆمار کردووە
سەرجەم رۆژەکانی مناڵیم
هەڵماتێن و چاوشارکێ و هاژووتنی عەرەبانۆکە
رۆژانی هەرزەکاریم
ژوان و ماچ و راموسان
ئەفسوس..! ئێستە مانای شەو و رۆژ نازانم
***

دەرگای ئەم گەردوونە بە داخراوی نامێنێتەوە
چیدی بیردۆزەکان ماکیاژ ناکرێن
با دیواری زیندانەکان مکومتر بکرێن
بەڕێوەبەری ئاژانسەکان
هەواڵێکی راستگۆیان بڵاو نەکردەوە
لە سووچە هەرە پەرگەکانی دنیا "بوون" مایە پووچە
ئەم زەمینە بۆ من زیندانێکی گەورەیە
هیچم لە دەست نایە
تەنیا ئەوە نەبێت
بە بێزاری خۆم، رۆژانە ژنەکەم بێزار دەکەم.

